گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA 2024
ID No. 952 (PP 59-78)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.4

توێژینەوە

# کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستاو قوتابی و پەیوەندی بەزیرەکی هەڵچوونییەوە
## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەقوتابخانەئامادەییەکانی ناوەندی شاری هەولێر)

عمر حمه احمد *
صباح احمد محمد نجار*

* بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
omar.ahmed@su.edu.krd
sabah.najar1@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/02/12
پەسندکردن 2023/05/25
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەکییەکان:
کارلێکی کۆمەڵایەتی،
زیرەکی هەڵچونی،
قۆناغی ئامادەیی.

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوني و ئاستەکانیانە لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە؛ میتۆدی وەصفی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە بەکارهاتووە، بۆگەیشتن بەئەنجامەکانی توێژینەوەکە پشتمان بەستووە بە پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لەئامادەکردنی توێژەران کە لە(37)برگە پێکدێت؛ بۆپێوانەکردنی زیرەکی هەڵچونی پشتمان بەستووە بە پێوەری(منوخ و علی، 2011) کە پێکدێت لە(33)برگە. بۆگەیشتن بەئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتیەکانمان بەکارهێناوە(SPSS). ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەبونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز دەکەن لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونیدا بەجۆرێك چەندە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرزبێت زیرەکی هەڵچونی بەرزدەبێتەوە، لەهەمانکاتدا کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەئاستێکی بەرزدایە. لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە چەندین ڕاسپاردەو پێشنیاز خراونەتەڕوو.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

### 1.پێشەکی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەچەمکە گرنگەکانی کۆمەڵناسی و زۆر ئاشنایە لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی کۆمەڵایەتیدا؛ لەهەمانکاتدا کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەچوارچێوەی پێدان و وەرگرتن و ئاراستەکردندایە، چونکە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە بنەمای پەروەردەی کۆمەڵایەتی و گەشەی کەسایەتی و بونی گونجان لەپاتایی کۆمەڵایەتیدا لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بەئەنجام دەگات. هەرچی زیرەکی هەڵچوونییە یەکێکەلە تایبەتمەندییەکانی ئەوکەسانەی کەسەرکەوتون لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خوێندن و کاردا، ئەوتاکانی خاوەن تواناو کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچونی توانای تێگەیشتن لەخودی خۆیان و خەڵکانیتریشیان هەیە و توانای ئەوەیان هەیە هاوکاری و یارمەتی و دڵنەوایی کەسانیتریشبکەن. کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست و بنیادنانی کارامییەکانی زیرەکی هەڵچونی لای فێرخوازان کلیلی تێکەڵ بون و گونجان و سەرکەوتنیانە لەژیانی ئایندەیاندا ژیانیاندا و پردی بنیادنانی سەرمایەی مرۆیی کۆمەڵگەیە.

### 2. ڕەگەزە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوەکە

لەم خاڵەدا ڕەگەزە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، گرفتی توێژینەوەکەو گرنگی و ئامانجەکانی و سنور و پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان دیاریکراون.

### 1.2. گرفتی توێژینەوەکە

کارلێکی کۆمەڵایەتی پایەیەکی گرنگی پرۆسەی پەروەردەییەو ڕۆڵی گرنگی هەیە لە زۆرێك لە دیاردە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا؛ چۆێتی ئەو کارلێکەش لەنێوان مامۆستا و قوتابیدا کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامەکانی فێربون و باوەڕبەخۆبون و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی قوتابی و ئامانج و پەیوەندییەکانی لەئایندەی ژیانی قوتابیدا. لەئێستادا نیگەرانی و دڵەڕاوکێ هەیە لەهەمبەر پەیوەندی و کارلێکی نێوان قوتابی و مامۆستا و ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی لەئاستێکی دواکەوتوی پەروەردەیین یان لەقۆناغی گواستنەوەدان.

لەهەمامانکاتدا نەبونی کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچونی دەبێتە هۆی ئاستەنگی گەورە لەبەردەم ئامانجە پەروەردەییەکان و پێگەیاندنی تاکی هوشیار؛ بونیشی زۆر گرنگە بۆسەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و دروستکردنی تاکی کارامە و بەهرەمەند.

توێژی لاوانی هەرکۆمەڵگایەك سەرمایەی ئایندەی کۆمەڵگەن، گرنگیدان بە بنیادنان و دروستبونی کارلێکی ئەرێنی و زیرەکی هەڵچونی و تاکێکی بێ ترس و دڵەڕاوکێ، گرنگیدانە بە ئایندەی کۆمەڵگەیەکی ساخلەم.

پرسیاری ئەم توێژینەوەیە: ئایا کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی چ پەیوەندییەکی بەزیرەکی هەڵچونییەوە هەیە لەڕوانگەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە؟

### 2.2. گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکەمان خۆی لەدوو بواری سەرەکیدا دەبینێتەوە:

گرنگی تیۆری، لەڕوی تیۆرییەوە شیکردنەوەو تاوتوێکردنی گۆڕاوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی، ڕێگا خۆشکەردەبێت بۆتێگەیشتن لەوبەربەستانەی ئەو گۆڕاوانە دروستی دەکەن لەبەردەم پرۆسەی پەروەردەییدا. کارلێکی کۆمەڵایەتی کلیلی پەیوەندییەکی باش و سەرکەوتووە و بونی زیرەکی هەڵچونی و پێهاتەکانی لای تاك دەروازەی سەرکەوتنە. خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەم گۆڕاوانە بەزمانی کوردی خزمەتێکی گەورە دەکات بە دەوڵەمەند کردنی بواری زانستی زمانی کوردی و پرۆسەی پەروەردەیی و دۆزینەوەی ئاریشەکان و کۆسپەکانی بەردەم سەرکەوتنی تاکی کوردی لەپرۆسەی پەروەردەییدا.

لەڕوی پراکتیکیشەوە، لەبەرئەوەی جەخت لەسەر کێشەکانی هەرزەکاران دەکاتەوە کەسەرمایەی ئایندەی هەر گەل و کۆمەڵگایەکن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی ڕێنیشاندەر بۆ پەروەرشیاران و داڕێژەرانی سیاساتی پەروەردەیی، بۆگرتنەبەری ڕێکاری زانستی بۆچارەسەرکردنی ئەو گرفت و کۆسپانەی دێنە ڕێگەی فێرخوازان و چارەسەرکردنیان. لەهەمانکاتدا دەستنیشانکردنی سروشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستاوقوتابی و ئاستی زیرەکی هەڵچونی و پەیوەندی بەکارلێك و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە و سروشتی فۆبیای کۆمەڵایەتی ڕیگەخۆشکەردەبێت بۆئەوەی ژینگەیەکی دەوڵەمەند فەراهەمبکرێت لەڕوی هەڵچونی و کۆمەڵایەتی دەروونییەوە بۆپرۆسەی فێربون و پەروەردە.

### 3.2. ئامانجەکانی توێژینەوەکە

أ-زانینی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە.
ب-زانینی پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوە سەرەکییەکەی توێژینەوەکە(کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی).

### 4.2. پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان

#### 1.4.2. پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی((Social interaction:

پێناسەی: تێرنەر (1988) کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لەوباروودۆخەی کەتێیدا ڕەفتاری یەکێك لەبکەرەکان دوبارە ڕێکدەخرێتەوە بەهوشیاری و کارتێکردنی لایەنی بەرامبەر، پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە (Turner,1988: 13).

پێناسەی: محامید (2003) کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لەپرۆسەی ئاڵوگۆڕ لەنێوان دولایەنی کۆمەڵایەتی(دو تاك، دوگروپی بچوك، یان تاك و گروپی بچوك یان گەورە)لەهەڵوێست و ناوەندێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، بەجۆرێك ڕەفتاری هەریەك لەو لایەنانە، ئاگادارکەرەوەو وروژێنەری ڕەفتاری لایەنەکەی ترە، ئەمکارلێکەش لەڕێگەی(زمان، کردار، شتەکان)ەوە دەبێت. لەئەنجامیشدا ئاڵوگۆڕی نامە(Massages)ی لێدەکەوێتەوە کەپەیوەستە بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو(محامید، 2003: 142).

پێناسەی کارڕایی ئەزمونی بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی: ئەودۆخەیە کە دولایەن(قوتابی و مامۆستا) کارلێك دەکەن لەڕێگەی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، کەلەکۆتاییدا یەکێکیان یان هەردو لایان کاریگەری لەسەر لایەنی بەرامبەر دروست دەکات، بەئەرێنی بێت یاخود نەرێنی و ئەمەش وێنەیەکی زیهنی لای لایەنی کارتیاکراو دروست دەکات.

پێناسەی کارڕایی پێوەری بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی: کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لەکۆی ئەونمرەیەی کە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە توێژەر ئامادەی دەکات بۆئەو مەبەستە.

#### 2.4.2. پێناسەی زیرەکی هەڵچونی(Emotional intelligence)

پێناسەی: Goleman (1998) بەپێی پێناسەی گوڵمان، توانای ناسینەوەو زانینی هەڵچونەکانی خود و ئەوانیترە، توانای هاندان و پاڵنەرایەتی خود و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هەڵچونەکانی خود و ڕێکخستنی کارلێکەکانمانە (Goleman, 1998: n.p).

پێناسەی منوخ و علی(2011) زیرەکی هەڵچونی بریتییە لەتوانای تاك بۆ تێگەیشتن لە هەست و هەڵچونەکانی خۆی و ئەوانیتر و توانای ئیدارەدانیان بەشێوەیەکی باش کە بێتەهۆی سەرکەوتن، پشتبەستن بە هەست و سۆزەکانی لەگەڵ خەڵکانیتر بۆ تێگەیشتن لە هەڵچون و بیرکردنەوەو ڕەفتارەکانیان و ئاراستەکردنیان(منوخ و علی، 2011: 355)

پێناسەی کارڕایی ئەزمونی بۆ زیرەکی هەڵچونی، توێژەر بۆ پێناسەی کارڕایی ئەزمونی پشت دەبەستێت بە پێناسەی(منوخ و علی، 2011)، لەبەرئەوەی پێوەری ئەوودو دوێژەرەمانبەکارهێناوە.

پێناسەی کارڕایی پێوەری بۆزیرەکی هەڵچونی، بریتییە لەکۆی ئەونمرەیەی کە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچونییەوە، کە توێژەر پشتی پێدەبەستێت بۆئەو مەبەستە.

**5.2. سنوری توێژینەوەکە: سنوری شوێنی:** مەیدانی توێژینەوەکە دەکەوێتە سنوری ناوەندی شاری هەولێر، قوتابخانە ئامادەییە ئاساییە حکومی و ناحکومییەکانی ناوەندی شاری هەولێر؛ سنوری کاتی: لە2-4-2022 تاکو 21-4-2022. تواناراوە سەردانی قوتابخانەکان بکرێت بۆ کۆکردنەوەی داتاو دابەشکردنی پێوەرەکان؛ سنوری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی بۆخوێندنی ساڵی(2021-2022).

### 3. ئاراستە تیۆرییەکان

لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر دوو ئاراستەی تیۆری تایبەت بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی کە لێکدانەوەی هەردو گۆڕاوە سەرەکییەکەمان پێکردووە.

#### 1.3. ئاراستەی تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی Social Interaction Theory Perspective

کارلێکی کۆمەڵایەتی بیروبۆچون و تیۆری زۆر و جۆراوجۆر خراونەتەڕو، هەروەك تێرنەردەڵێت هەریەك لەو تیۆرانە بەشێك

لەڕاستییەکانیان لایە و هەندێك لەکارلێکمان پێ دەڵێن نەك هەموشتێك(Turner, 1986: 95)، بۆنمونە: تیۆری بێڵز Beles (1)195؛

تیۆری کارلێکی هێمایی، تیۆری Turner,1988؛ تیۆری نیوکمبNewcomb؛ تیۆری بوگاردسBogardus؛ تیۆری سامبسونSampson؛

تیۆری سیستمە کۆمەڵایەتییەکان؛ تیۆری میلەرو هاوڕێکانی هێزی پاداشت و سزا لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا(الربیعي، 2016 : 46) لێرەدا تەنها باسی تیۆری کارلێکی هێمایی دەکەین:

### 2.3. تیۆری کارلێکی هێمایی:

ڕەگ و ڕیشەی تیۆری کارلێکی هێمایی دەگەڕێتەوە بۆبەشداری و کارەکانی زانایانی دەرونزانی کۆمەڵایەتی (جورج هربرت مید؛ و چارلس کولی؛ جۆرج هومانز). ئەم تیۆرە بیروبۆچونی زۆر و جۆراوجۆر لەلایەن تیۆرڤانەکانیانەوە خراوەتەڕو کە ئێمە بەگوونجاوی دەزانین تەنها بیروبۆچونی جۆرج هربرت مید لەوبارەیەوە بخەینەڕو، کەلە توێژینەوەکەدا پشتمان پێ بەستووە.

### 3.3. جۆرج هربرت مید و کارلێکی کۆمەڵایەتی:

ئەم زانایە(جۆرج هربرت مید) توانیویەتی بەوردی تیشکبخاتەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تاك و کۆمەڵگەو کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر تاك و چۆنیەتی بنیادنانەوەو دروستکردنەوەی تاك لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەدا.

ئەم تیۆرڤانە دیارترین تیۆرڤانی تیۆری کارلێکی هێماییە، یەکێك لەو چەمکانەی کە جەختی لەسەرکردۆتەوە مید چەمکی دەرونی کۆمەڵایەتییە(النفس الاجتماعي-Social self) یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری کارلێکی هێمایی. لای مید دەرونی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی خەڵکانی ترە لەدەوروبەری تاك، بۆنمونە(س) لەخەڵکی کارلێکی لەگەڵ دەکەن، ئەو پەیوەندییە لەنێوان(س) و ئەو خەڵکەی کارلێکی لەگەڵ دەکەن پەیوەندی دەرەکییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەناو خۆی(س) دەبێت، ئەمەش ئەوە دروست دەکات کە پێی دەڵێین دەرونی کۆمەڵایەتی(وحید، 2001: 225).

مید باوەڕی وایە کە خود (self) وەك تاکێکی نوێ لەنێو کۆمەڵگەوە بەدەردەکەوێت و لەئەنجامی ئەم بەدەرکەوتنە نوێیەشەوە کیانێکی نوێ سەرهەڵدەدات(Mead, 1972: 192)ئەمەش لەئەنجامی تواناکانی بۆکارلێککردن لەگەڵ خەڵکانیتر لەکۆمەڵگەکەیدا لەئەنجامی پەیوەندی هێمایی، لەهەمانکاتیشدا دەڵێت: خۆم دەبینم هەروەك چۆن خەڵکی دەمبینن، لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتیشەوە ڕاڤەی ئاماژەو دەربڕینەکانی دەموچاو و هەستەکان دەکەم لەخۆشم تێدەگەم(بن العربي، 2013: 89) خود لای مید دووبەشە منی بکەر(فاعل)(منی ناوەکی و ناکۆمەڵایەتی I ) و منی کارتیاکراو(مفعول بە-منی دەرەکی و کۆمەڵایەتی Me) مـن بەشی ئەرێنییە لەخود، بەڵام کارتیاکراو بەشی نەرێنییە، ئەوبەشەیە کە خەڵکی و دامەزراوەکان کاریگەری لەسەر دادەنێن( Mead, 1972: 194).

مید باوەڕی وایە خودی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی زمانەوە فێردەبێت و گەشەدەکات، مرۆڤ لەسەرەتاوە لاسایی ئەودەنگانە دەکاتەوە کە دەیبیستێت، لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی زمانی ئاماژە یەکێکە لە شێوازە کاریگەرەکان(Mead, 1972: 51/53) لەئەنجامی تێکەڵبون و یەکگرتنی (منی بکەر و منی کارتیاکراو)کەسایەتی تاك دروست دەبێت و دەردەکەوێت و خودی تاك بەشێوەیەکی کامڵ و تەواو سەرهەڵدەدات و گەشە دەسێنێت(دیلانی، 1395: 538)

لەوسۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین، کارلێکی کۆمەڵایەتی خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قوتابی و مامۆستایە، خاڵی گرنگیش لەسەرەتای کارلێکەکەوە دەستپێدەکات، بەجۆرێك ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی لایەنە کارلێککراوەکان دەبێت، خۆئەگەر توانرا لە خاڵی دەستپێکی کارلێکەکاندا بەشێوەیەکی ئەرێنی وێنەی زەینی دروستبکرێت ئەوە لەداهاتوشدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت و بەپێچەوانەشەوە هەرراستە.

### 4.3. ئاراستەی تیۆری زیرەکی هەڵچون Emotional Intelligence Theory Perspective

دوای بڵاوبونەوەی چەمکی زیرەکی هەڵچونی و گرنگپێدانی لەلایەن توێژەرانەوە بەشێوەیەکی فراوان، چەندین مۆدێل و ئاراستەی تیۆری بۆزیرەکی هەڵچونی خراونەتەڕوو، کە بەپێویستی نازانین لێرەدا بیانخەینەڕوو بەڵکو تەنها ئاماژە بەمۆدێلی بارون دەکەین، لەبەرئەوەی لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەو مۆدێلە بەستووە بۆلێکدانەوەی زیرەکی هەڵچونی.

---

(1) Bales, R. F (1951). Interaction process analysis: A method for the study of small group. Addison-Wesley Press, INC: Cambridge.

### 5.3. مۆدێلی (بارون-Bar-on) 1988 بۆزیرەكی هەڵچونی:

زیرەكی هەڵچونی بابەتێكی تاڕادەیەك نوێیە لەزانستە مرۆڤایەتییەكاندا، بابەتێكی گرنگ و پڕبایەخە لەچوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەیی و دامەزراوە پەروەردەیی و كارگێڕی و بازرگانی و ئابوری و بازاڕی كاردا، وەك داینەمۆی كارامەییە كەسییەكانی تاك و سەرمایەی مرۆیی تەماشادەكرێت.

ئەم چەمكە لای بارون ئەوكاتە سەری هەڵدا كە قوتابی دكتۆرابو، زیرەكی هەڵچونی لای بارون ڕیپۆرتێكی خودییە بۆڕەفتاری زیرەكی لەڕوی هەڵچونی و كۆمەڵایەتییەوە كە هەڵسەنگاندنی زیرەكی هەڵچونی و كۆمەڵایەتی دابین دەكات، بەیەكەم پێوەرو باوترینیان دادەنرێت كەلەلایەن بارونەوە بڵاوكرایەوە، پێكدێت لە(133)ڕستەی كورت، پێنج جێگرەوە لەخۆدەگرێت، بەجۆرێك بەوەدەستپێدەكات(زۆربەدەگمەن یان هەڵەیە دەربارەی من) 1نمرەی پێدراوە و (بەزۆری یان ڕاستە دەربارەی من) 5 نمرەی پێدراوە، نزیكەی 40 خولەك دەخایەنێت(Bar-On, 2006: 15)

دوای دارشتنەوەی پێوەرەكەی بارون(Bar-On, 2007: 2)بەدوای ئەوپرسیارەدا دەگەڕا كە بۆخەڵكی زیرەكی هەڵچونی مانای چییە؟ هەرخۆیشی وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: ئەوكەسانەی زیرەكن لەڕوی هەڵچونی و كۆمەڵایەتییەوە توانای تێگەیشتنی خودی و دەربڕینی خودیان هەیە؛ توانای تێگەیشتن لەوانیتریشیان هەیە؛ توانای ئەوەیان هەیە بەشێوەیەكی باش پەیوەندی لەگەڵ خەڵكی بكەن؛ توانای ئەوەشیان هەیە بەسەركەوتویانە لەگەڵ پێویستییەكانی ژیاندا مامەڵەبكەن. ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتن لە خاڵە لاوازو بەهێزەكان هەیە؛ توانای دەربڕینی هەڵچونەكان بەشێوەیەك ڕوخێنەرنەبێت و توانای دركی هەڵچونەكانی ئەوانی تری هەبێت؛ توانای بنیادنان و بەردەوامی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی هەبێت كە جێگای ڕەزامەندی هەردولابێت.

بەپێی ئەم مۆدێلە زیرەكی هەڵچونی پێنج پێكهاتە لەخۆ دەگرێت:

یەكەم/كارامەییە كەسییەكان، ئەمەش توانای تاك بۆڕوبەڕوبونەوەی فشارەكان و ئاڕاستەكردنی هەڵچونەكان دەردەخات، كە لەچوار كارامەیی پێكدێت: دڵنیابون، خودڕێزگرتن، هوشیاری خودی، سەربەخۆیی و خود جێبەجێكردن دەگرێتەوە؛ دووەم/كارامەییە كۆمەڵایەتییەكان، كەلەسێ كارامەیی پێكدێت: هاوسۆزی و بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی و پەیوەندییە كەسییەكان دەگرێتەوە؛ سێیەم/توانای گونجان و چارەسەری كێشەكان، كەلەسێ كارامەیی پێكدێت: دركردنی واقیع، بەرگەگرتن، چارەسەری كێشەكان دەگرێتەوە؛ چوارەم/ كارامەیی بەڕێوەبردنی فشارەكان، توانای تاك بۆ ڕوبەڕوبونەوەی فشارەكان و ئاراستەكردنی هەڵچونەكان ئەمەش: بەرگەگرتنی فشارەكان، چاودێریكردنی هەڵچونەكان دەگرێتەوە؛ پێنجەم/ئەنگێزی گشتی(المزاج العام)،كە گەشبینی و ئاسودەیی و توانای دەربڕینیان دەگرێتەوە(Bar-On, 2005: 3؛Bar-on, 2006: 15) إقروفة، 2018: 231؛ منوخ و علي، 2011: 375).

لەواقیعیشدا بونی زیرەكی هەڵچونی یارمەتی دەرێكی باش دەبێت بۆ مامەڵەكردنێكی دروستی قوتابی لەگەڵ مامۆستا و هاوڕێكانی و ئەندامانی خێزانەكەی لەلایەك و لەگەڵ كێشەو فشارەكانی ژیاندا لەلایەكیترەوە، جێگیربونی كارامەییە كۆمەڵایەت و هاوسۆزییەكان و توانای گونجان و توانای پێویست بۆسەركەوتن لەژیان و كار دەستەبەردەكات لای تاك.

### 1.4. میتۆد و كارڕاییەكانی توێژینەوەكە

لەم بەشەدا بەوردی پرۆسەی كارڕاییەكانی توێژینوەكە و دیاریكردنی كۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەكەو چۆنێتی كۆكردنەوەی داتاو بەكارهێنانی ئامرازی ئامارگریمان خستۆتە ڕو.

### 2.4. میتۆدی توێژینەوەكە: میتۆدی وەصفی ڕوپێوی كۆمەڵایەتی بەنمونە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی وەصفیە. كەتییدا پشت دەبەستین بە میتۆدی وێنایی(وەصفی)-ڕوپێوی كۆمەڵایەتی بەنمونە، چونكە پێمان وایە میتۆدی وێنایی دوای گرتنەبەری هەنگاوەكان بەوردی تیشك دەخاتەسەر ڕەهەندە جیاوازەكانی توێژینەوەكەو گونجاوە لەگەڵ ئامانجەكانی توێژینەوەكەماندا.

لەهەمانكاتدا میتۆدی وێنایی گرنگیدەدات بەتوێژینەوەی دیاردەكان وەك ئەوەی هەیە لەواقیعدا و لەڕێگەی دەربڕینە چۆنایەتییەكانەوە وێنایەكی وردی دیاردەكان دەكات، لەگەڵ ئەوەشدا بەژمارەو داتا چەندایەتییەكان قەبارەی دیاردەكە و ئاستەكانی دەخاتەڕوو(Sulayman and Ahmed, 2021: 332).

### 3.4. كۆمەڵگەی توێژینەوەكە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لە قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی ناوەندی شاری هەولێر کەژمارەیان(10475) قوتابی نێرومێ یە لەقوتابخانەکانی خوێندنی کوردی نێوشاری هەولێر بەرەچاوکردنی تایبەتمەندی گروپاتی تایبەت وەك: قوتابخانە حكومی و ناحکومیی و زانستی و وێژەیی و نێرومێ و ئاستی بژێوی ژیان، هەروەك لەخشتەی(1)دەردەکەوێت.

خشتەی (1)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (قوتابیانی پۆلی 11) ڕون دەکاتەوە(ب.پەروەردەی ناوەندی هەولێر،2022).

| ڕەگەز / لقی زانستی | | کچ | کوڕ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| حکومی | زانستی | 3929 | 3137 | 7066 |
| | وێژەیی | 958 | 1523 | 2481 |
| | کۆی گشتی | 4887 | 4660 | 9547 |
| ناحکومی | زانستی | 893[1] | | 893 |
| | وێژەیی | 35 | | 35 |
| کۆی گشتی | | | | **10475** |

### 4.4. نمونەی توێژینەوەکە:

دوای دیاریکردنی نمونەی توێژینەوەکە سەردانی قوتابخانەکانمانکرد و پێوەرەکانمان دابەشی(440)(2) یەکەکرد بەرەچاوکردنی گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەقوتابیانی پۆلی یازدە لەقوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییە حكومی و ناحکومیەکانی ناوەندی شاری هەولێر، هەردو ڕەگەز نێرو مێ و هەردو لقی: زانستی و وێژەیی. دواتر(40)فۆرمان دورخستەوە لەبەرئەوەی گونجاونەبون بۆ هەژمارکردن. (400)فۆرم مایەوە.

جۆری نمونەی توێژینەوەکە: هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە یەکێکە لەهەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوە، لەبەرئەوە بەسێ قۆناغ نمونەی توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە؛ بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەکان لەناوەندی شاری هەولێر، کە بەشێوەیەکی ئاسایی پێکدێت لە(شەش) شارەوانی، لەهەر شارەوانییەك بەشێوەی نمونەی هەڕەمەکی سادە قوتابخانەیەکی ئامادەیی حكومی دیاریکراوە بۆ توێژینەوەکە، بەم شێوەیەش دەرفەت دراوە بەهەمو ئەوقوتابخانانەی لەسنوری ئەوشارەوانیانەدان بچنە نێو نمونەی توێژینەوەکەمانەوە؛ دواتر دوو قوتابخانەی دواناوەندی و دوو قوتابخانەی ناحکومی دیاریکراون بەهەمان سیستەم، کە جیاوازن لەقوتابخانە ئامادەییەکان.

بۆدەستنیشانکردنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی(نمونەی هەڕەمەکی بەشی ڕێژەیی-العینات العشوائیة الحصصیة-Quata Sample)، دەستنیشانکراون بەپێی هەربەشێك و قەبارەی لەقوتابخانەکەدا چونکە کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکدێت لە:ڕەگەز، جۆری قوتابخانە، جۆری خوێندن، بەپێی ڕێژەی خۆی یەکەیان لێوەرگیراوە کەنوێنەرایەتیان بکات، لەبەرئەوە پرۆسەی دیاریکردنەکە بەشێوەی جۆری دەبێت. دواتر جارێکیتر پشت بەستراوە بەنمونەی هەڕەمەکی سادە بۆدەستنیشانکردنی یەکەکانی نمونەیی توێژینەوە لەهەر بەشێك بەپێی قەبارەی خۆی یەکە وەرگیراوە.

(1) دوای سەردانیکردم بۆلایەنی بەرپرسیار لە ئاماری قوتابخانە ناحکومییەکان، تەنها توانیم ژمارەی قوتابیانی هەرقوتابخانەیەك بەجیاوەربگرم، داتایەکی ورد و جیاکراوە نەبوو تابتوانین وەك قوتابخانە حکومییەکان بیخەینە ڕو.

(2) سەبارەت بەقەبارەی نمونەی دیراسەکراو بۆچونی زانایان(کرێجسی و مۆرگان)(Krejcie & Morgan, 1970 cited in Sekaran, 2003: 294) مان پێ پەسەندبوو، کە باوەڕیان وایە کۆمەڵگەی توێژینەوە یەك ملیۆن(1000000) کەسیش بێت بەوەرگرتنی(384) یەکە بەڕێژەی(95%) نزیك دەبێتەوە لەڕاستی و (0.05) هەڵەدەکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە(400)یەکەمان وەرگرتووە.

خشتەی (2)نمونەی هەڵبژێردراو

| ژ | ناوی قوتابخانە | گەڕەک شارەوانی | کۆی گشتی قوتابی | زانستی | | وێژەیی | | نمونە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | زانستی | | وێژەیی | |
| | | | | | | | | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ |
| 1 | ئا/ شارستانی کچان | نەورۆز6 | 116 | | 68 | | 48 | | 23 | | 17 |
| 2 | ئا/ هەڵمەتی کوڕان | شۆڕش2 | 117 | 71 | | 46 | | 25 | | 16 | |
| 3 | ئا/ بێری کچان | کارێزان4 | 70 | | 42 | | 28 | | 15 | | 10 |
| 4 | ئا/شکۆداری تێکەڵ | کۆماری5 | 259 | 127 | 132 | | | 44 | 45 | | |
| 5 | ئا/ زۆزکی کوڕان | هەولێری نوێ3 | 177 | 116 | | 61 | | 40 | | 21 | |
| 6 | ئا/میدیای کچان | 30 مەتری 1 | 137 | | 96 | | 41 | | 33 | | 13 |
| 7 | د.نیگای کچان | شارەوانی | 90 | | 70 | | 20 | | 24 | | 7 |
| 8 | د.ئیتالی دوی تێکەڵ | ئیتالی2 | 59 | 18 | 32 | 3 | 6 | 6 | 11 | 3 | 3 |
| 9 | ك/ گەورە ناحکومی | - | 52 | 23 | 29 | | | 8 | 10 | | |
| 10 | فێنکی ناحکومی | - | 38 | 20 | 11 | 7 | | 12 | 8 | 6 | |
| | کۆی گشتی | | 1115 | 375 | 480 | 117 | 143 | 135 | 169 | 46 | 50 |
| | | | | | | | | 400 | | | |

### 1.4.4. تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە:

لەخشتەی(3) تایبەتمەندییەکانی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو

خشتەی(3) ئاستی بژێوی ژیانی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو:

| گۆڕاو | | ژمارە | ڕێژە% | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی بژێوی | بەرز | 31 | 7.8 | 400 |
| | ناوەند | 355 | 88.8 | |
| | هەژار | 14 | 3.5 | |
| ڕەگەز | نێر | 181 | 45.25 | 400 |
| | مێ | 219 | 54.75 | |
| جۆری قوتابخانە | حکومی | 356 | 89 | 400 |
| | ناحکومی | 44 | 11 | |
| پسپۆڕی | زانستی | 304 | 76 | 400 |
| | وێژەیی | 96 | 24 | |

لەخشتەی(3)دەردەکەوێت کە (31)یەکە ئاستی بەرزی بژێویان هەیە و ڕێژەکەی( %7.8)دەبێت؛ بەڵام(355)یەکە ئاستی ناوەندیان هەیە و ڕێژەکەی(%88.8)دەبێت؛ چینی هەژار(14)یەکە ئاماژەیان بەوەداوە کەهەژارن بەڕێژەی(3.5%)دەکات. تایبەت

بەرەگەز(181) لەرەگەزی نێر بەرێژەی(45.5%)، وە(219)یەکە لەرەگەزی مێن بەرێژەی(54.75%) جۆری قوتابخانە حکومی(356) بەرێژەی(89%) وە ناحکومی(44)بەرێژەی (11%) بوون، تایبەت بەپسپۆری زانستی(304) یەکە بەرێژەی(76%) وە وێژەیی(96) بەرێژەی(24%)بوون.

### 5.4. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

پێوەر(Scale): بێگومان بۆتوێژینەوەکەی ئێمە یەکێك لەگونجاوترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پێوەرە. بۆ پێوانە کردنی هەردوو گۆڕاوەکەی توێژینەوەکەمان پشتمان بەدوو پێوەربەستووە. پێوەری تایبەت بە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئێمەوە(ئامادە کراوە)؛ بۆ پێوانە کردنی زیرەکی هەڵچونی گونجاندنمانکردووە بۆ پێوەری تایبەت بەبوارەکە کە توێژەرانتر پێشتر بەکاریان هێناوە گونجاوە لەگەڵ کولتوری کۆمەڵگەی کوردیدا.

### 6.4. مەرجە سایکۆ سۆسیۆمەترییەکانی پێوەرەکان:

### 7.4. ڕاستێتی Validity هەردوو پێوەرەکە

#### 1.7.4. پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی Social interaction scale

ڕاستێتی ڕوکەش Face Validity: پێوەرەکەمان خستە بەردیدی(7)پسپۆڕ لەبوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی و دەرونزانی، (پاشکۆی(1)ناوی پسپۆڕان لەخۆدەگرێت)، بەمەبەستی دڵنیابون لەگونجاوی برگەکانی پێوەری(کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی) پشتمان بە ڕێژەی(80%)بەستووە بۆمانەوەی برگەکان، لەژێر ڕۆشنایی بۆچونی پسپۆڕان(10)برگە لابران (کەتوێژەر ئامادەی کردبو) و (38)برگە مایەوە، پاشکۆی(3). لەهەمانکاتدا(5) جێگرەوە دیاریکران بۆ برگە ئەرێنییەکان بەم شێوەیە برگە نەرێنییەکانیش بەپێچەوانەوە:

| هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێك جار | زۆرجار | هەمیشە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

ڕاستێتی بنیادی Construct Validity: دوای دەرهێنانی ڕاستێتی ڕوکەش ڕاستێتی بنیادیمان دەرهێنا، لەم پرۆسەیەشدا(1)برگەی تر لابر و پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بوبە(37)برگە.

#### 2.7.4. پێوەری زیرەکی هەڵچونی Emotional intelligence scale

ڕاستێتی ڕوکەش Face Validity: دوای وردبوونەوە لە بۆچونی شارەزایان لەبارەی برگەکانی پێوەرەکەوە، دەرکەوت کە (8) برگە کەمتر لەڕێژەی (80%) یان هەیە بۆیە لامانبرد، (42) برگە لەم قۆناغەدا مایەوە. (ئەم پێوەرە لەهەردو توێژەر(منوخ و علی، 2011)وەرگیراوە، پاشکۆی(4)، هێزی جێگرەوەکانیش هەمان سیستمی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی پێڕەوکرا، بەڵام هەمو برگەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچونی ئەرێنین.

ڕاستێتی بنیادی Construct Validity: لەم قۆناغەدا(9) برگەی ترلابران لەبەرئەوەی پەیوەستیان نەبو بە بابەتی گشتی توێژینەوەکەوە.

### 8.4. جێگیری Reliability هەردو پێوەرەکە:

أ-جێگیری پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرێگەی بەشکردن بۆدو بەش (Split-Half Reliability Confficient): دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری پێوەرەکە دوای ڕاستکردنەوە(تصحیح) بەهاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان براون بریتییە لە:(0.917)، وە (Cronbach's Alpha) بریتیە لە(0.905)

خشتەی ژمارە(4)

جێگیری پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرێگای بەشکردن بۆدوبەش و ئەلفاکرونباخ نیشان دەدات

| کارلێکی کۆمەڵایەتی | جێگیری بەرێگای: | |
| --- | --- | --- |
| | بەشکردن بۆدو بەش (split-Half) | Cronbach's Alpha |
| | 0.917 | 0.905 |

ب-جێگیری پێوەری زیرەکی هەڵچونی بەرێگەی بەشکردن بۆدوبەش (split-Half)، دوای ڕاستکردنەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان جێگیری پێوەر بریتیە لە(0.738) وە ئەنجامی (Cronbach's Alpha) بریتییەلە(0.779)

خشتەی (5)

جێگیری پێوەری زیرەکی هەڵچونی بەڕیگای بەشکردن بۆدوبەش و ئەلفاکرونباخ نیشان دەدات

| زیرەکی هەڵچونی | جێگیری بەڕێگای: | |
|---|---|---|
| | دابەشکردن بۆدوبەش Split Half | Cronbach's Alpha |
| | 0.738 | 0.779 |

**9.4. وردی وەرگێڕان:** بۆدڵنیابون لە وردی وەرگێڕانی پێوەری زیرەکی هەڵچونی پێوەرەکەمان خستە بەردیدی کۆمەڵێك پسپۆر، لەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی پاشکۆی(2)، دوای هەندێك ڕاستکردنەوە، دەرکەوت کە پێوەرەکە گونجاوە بۆپێوانەکردنی زیرەکی هەڵچونی.

شێوەی(1) و خشتەی(6)تایبەتمەندی ئاماری کارلێکی کۆمەڵایەتی

| Statistic | |
|---|---|
| Mean | 131.49 |
| Median | 133.49 |
| Mode | 132.00 |
| Variance | 650.197 |
| Std. Deviation | 25.49 |
| Range | 116.95 |
| Skewness | -0.266 |
| Kurtosis | -0.408 |
| Minimum | 66 |
| Maximum | 183 |
| Missing | 0 |




لە شێوەی(1) هەروەها خشتەی(6)بەشبونی سروشتی دیارە کە بەهای ناوەند(131.49)و ناوەندی ژمێرەیی(133.49) و مینوال(132.00)زۆر نزیکن لەیەکتری، ئەمەش ئاماژەیە بۆ داتاکانی توێژینەوە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی نزیکە لەدابەشبونی سروشتی. لەبەرئەوە دەتوانین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بگشتێنین و ئامرازە ئامارگرییە پارامەترییەکانیش بەکار بهێنین.

شێوەی(2) و خشتەی(7)تایبەتمەندی ئاماری زیرەکی هەڵچونی

| Statistic | |
|---|---|
| Mean | 127.75 |
| Median | 128.00 |
| Mode | 128.00 |
| Variance | 115.82 |
| Std. Deviation | 10.76 |
| Range | 51.63 |
| Skewness | -0.090 |
| Kurtosis | -0.433 |
| Minimum | 100 |
| Maximum | 152 |
| missing | 0 |



بەتێڕوانین لەئەنجامەکانی شێوەی(2) هەروەها خشتەی(7) دابەشبونی سروشتی، دەبینین کە ناوەندی ژمێرەیی(127.75) و ناوەند(128.00) و مینوال(128.00) زۆر نزیکن لەیەکەوە ئەمەش ئاماژەیە بۆدابەشبونی نزیك لەسروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەبەرئەوە دەتوانین ئەنجامەکانی بگشتێنین و ئامرازە ئامارگرییە پارامەترییەکانیش بەکار بهێنین.

### 10.4. ئامرازە ئامارگرییەکان

تاقیکردنەوەی(z) بۆ دەرهێنانی جیاوازی ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی هەژمارکراو؛ هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن بۆزانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. هاوکات هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتییەکانمان(SPSS) بەکارهێناوە.

## 5. خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

لەم خاڵەدا بەوردی و بەپێی داتا کۆکراوەکان ئەنجامەکان و جیاوازی و پەیوەندی گۆڕاوەکان و شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی زانیارییەکان دەخەینەڕوو.

### 1.5. ئامانجی یەکەم/ خستنەڕوی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە.

### 1.1.5. ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە:

دوای دابەشکردنی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بەسەر یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا، دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای هەردوو ڕەگەز زانستی و وێژەیی حکومی و ناحکومی بریتییە لە(131.23)بەلادانی پێوەری(21.76)، بە بەراوردکردنی بەناوەندی گریمانەکراوی پێوەر(111)، دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە گەورەترە، لەکاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(z) دەرکەوت کە بەهای(3)(z) دەرهێنراو(16.07) گەورەترە لە بەهای(z) خشتەیی(1.96) بەڵگەی ئاماژەداری هەیە بەئاستی(0.05) بەنمرەی ئازادی(399) لەبەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە، هەروەك لە خشتەی (7)ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (8)

تاقیکردنەوەی(z)جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەکراو و لادانی پێوەری ڕوندەکاتەوە بۆ ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی

| گۆڕاو | ق.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەهای-z هەژمارکراو | ئاستی ئاماژەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | 400 | 131.49 | 25.49 | 111 | 16.07 | بەڵگەدارە |

بە وردبونەوە لەخشتەی(8) ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (131.49) بەبەراورد کردن بەناوەندی گریمانەکراو کە(111)یە، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازییەکە(16.07)ئامارییەو بەڵگەدارە لەبەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە. واتە ئاستی کارلێکی نێوان مامۆستاو قوتابی زۆربەرزە. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی(البرکات و یاسین، 2010)ە.

ئەم ئەنجامە ڕەنگە والێکبدرێتەوە کەمرۆڤ هەردەم پێویستی بەکەسانی دەوروبەریەتی بۆ بەدیهێنانی خەون و ئامانج و پێویستییەکانی. قوتابخانەش کۆمەڵگەیەکی بچوککراوەیەو مامۆستاو قوتابیش بۆ تەواوکردنی ئەرك و کارەکانیان و تێرکردنی پێویستییەکانیان پێویستیان بەیەکتری هەیە. پەیوەندی قوتابی بەمامۆستا بەیوەندی وەرگرتن و بەخشینە، بەخشینی زانیاری و ئەزمون و پێدانی سۆزو خۆشەیستی گەورە بۆبچوك و میهرەبانی باوان بۆ منداڵەکانیان، لەبەرامبەردا بەخشینی ڕیزگرتن و پێزانین. کاتێك کارلێك و پەیوەندی لەسەر ئەم بنەمایە بوو ئەوە ئەنجامەکە ئەرێنی دەبێت و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. هەروەك چۆن لەتوێژینەوەی پێشوی (قادری، 2012)(4)بەم ڕاستیانەگەیشتون. لەهەمانکاتدا(Poulou, 2016: 3)ئاماژەی بەوەکردووە کە چۆنایەتی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر گونجانی قوتابی لەقوتابخانەدا.

(3) بەکاردەهێنرێت بۆ دەرهێنانی جیاوازی نێوان ناوەندی نمونە و ناوەندی گریمانەیی لەکاتێکدا کەقەبارەی نمونەکە لە(120) یەکە زیاتربێت.

(4) ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەراورد کراوە بەئەنجامی چەند توێژینەوەیەکی تر(لەکات و جێگەی جیاواز)بەڵام ئەو توێژینەوانە لەلایەنی تیۆری نەخراونەتەڕوو، تەنها ئەنجامەکانی بەراورد دەکەین لەگەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەویە.

ئەگەر لەمە زیاتری بڕۆین دەبینین، فارابی لەمر بارەیەوە دەڵێت: تاك بەرەمەك پێویستی بەكۆمەڵبون و هاوكاری ئەوانیتر هەیە لەڕێگەی كارلێكی كۆمەڵایەتی باشەوە لەگەڵ ئەندامانی تری كۆمەڵگە كەماڵی دەرونی و كۆمەڵایەتی و ئابوری بەدیدەهێنێت(البركات و یاسین، 2010: 109)

ئەگەر سەرنجێك بخەینە سەر تیۆری كارلێكی هێمایی (مید)، لەكاتی خستنەڕوی خودی كۆمەڵایەتی، ئاماژە بەبونی منی كارتیاكراودەكات، ئەمەش ئەو بەشەیە كە تاك كاریگەردەبێت بەدەوروبەرەكەی لەڕێگەی كارلێكی كۆمەڵایەتییەوە. هەروەها ئەو باوەڕە جێگیرەیان بەوەی كە كۆمەڵگە ڕەفتاری تاك دادەڕێژێتەوە.

لەڕوانگەی تیۆری كارلێكی هێمایی و بەتایبەتی تێڕوانینەكانی مید، مامۆستا دەتوانێت لەڕێگەی كارلێكی كۆمەڵایەتی ئەرێنییەوە بەشی كارتیاكراوی قوتابییەكانی لەڕێگەی پرۆسەی هاوكاری و گرنگیپێدان و قەبوڵكردنی هەڵچونەكانی قوتابییەكانی بەجۆرێك دابڕێژێتەوە كە خزمەت بەتاك و كۆمەڵگە بكات و كارلەسەر گەشەپێدانی لایەنی باوەڕ بەخۆبون و خودڕێزگرتن بكاتەوەو هەستی بەرپرسیارێتی لەناخیاندا بچێنێت.

لێرەدا دەرونی تاك و بەكۆمەڵایەتی بون لەكۆمەڵگەدا تێكەڵ بەیەكتری دەبن، هەروەك یەكێك لەو چەمكانەی (مید) جەختی لەسەركردۆتەوە چەمكی دەرونی كۆمەڵایەتییە، یەكێكە لە چەمكە سەرەكییەكانی تیۆری كارلێكی هێمایی. لای مید دەرونی كۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی خەڵكانی ترە لەدەوروبەری تاك، بۆنمونە(س) لەخەڵكی كارلێكی لەگەڵ دەكەن، ئەو پەیوەندییە لەنێوان(س) و ئەو خەڵكەی كارلێكی لەگەڵ دەكەن پەیوەندی دەرەكییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەناو خۆی(س) دەبێت، ئەمەش ئەوە دروست دەكات كە پێی دەڵێین دەرونی كۆمەڵایەتی.

ئەگەرچی لەكاتی سەردانیكرنمر بۆقوتابخانەكان و بینینی ژمارەیەك لەقوتابییەكان ئاماژەیان بەوە دەكرد كە توندوتیژی زارەكی لای هەندێك لەمامۆستاكان هەیە: "هەندێك لەمامۆستاكان جنێوی نەشیاومان پێدەدەن، وەك:(5)!؛ یان "هەندێ مامۆستا زۆر خەمساردن لەئاست وانەكانیان!كورەقوتابییەكی پۆلی یازدە؛ "مامۆستامان هەیە وەك ئەوەوایە بەزۆركرابێت بەمامۆستا" كوڕە قوتابییەكی پۆلی یازدە.

ئەمر جۆرە ڕەفتارانە دیاردەیەكە لای هەندێك لەمامۆستا و بەڕێوەبەرەكان هەستی پێدەكرێت، لەئەنجامی نەخوێندنەوەی واقیع و تێنەگەیشتن لەخواست و دۆخی دەرونی و هەڵچونی و كۆمەڵایەتی هەرزەكاران لەلایەك و نەگەیشتن بە ماف و جیاوكەكانی خۆیان لەلایەكیترەوە بەهۆی دواكەوتن و لێبرینی بەشێك لەموچەی مامۆستایان و ڕاگرتنی مافە یاساییەكانیان وەك(پلەبەرزكردنەوە) دەبێتە هۆی دروستبونی جیاوازی لەنێوان ئەو مامۆستایانەی لەسەرەتای پرۆسەی فەرمانبەرین و ئەو مامۆستایانەی گەیشتون بە كۆتا پلەی وەزیفی كە پلەی(وەهمییە). هەندێك جاریش بونی كێشەی كەسی لەپاڵتاییە كۆمەڵایەتییەكەدا لەگەڵ خۆیان دەیبەنە قوتابخانەوەو دەكەونە ئەو هەڵە ناپەروەردەییەوە، ئاسەواری نەرێنی دەرونی و كۆمەڵایەتی و كولتوری خراپ لەسەر قوتابییەكانیان بەجێ دەهێڵن، ڕەنگە بەدرێژایی تەمەنی منداڵ كاریگەری نەرێنی هەبێت! بەمر شێوەیە ئامانجی یەكەمی توێژینەوەكە هاتەدی.

**2.1.5. ئاستی زیرەكی هەڵچونی لای یەكەكانی نمونەی توێژینەوەكە:** دوای دابەشكردنی پێوەری زیرەكی هەڵچونی بەسەر یەكەكانی نمونە توێژینەوەكەدا، دەركەوت كە ناوەندی ژمێرەیی كارلێكی كۆمەڵایەتی لای هەردو ڕەگەز زانستی و وێژەیی حكومی و ناحكومی(127.71)بەلادانی پێوەری(10.75)، بە بەراوردكردنی بەناوەندی گریمانەكراوی پێوەر كە(99) دەركەوت ناوەندی ژمێرەیی نمونە گەورەترە، لەكاتی بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی(z) دەركەوت كە بەهای(z) بریتییەلە(53.41) ئەمەش گەورەترە لە بەهای(z) خشتەیی (1.96)بەبەڵگەی ئاماری.

خشتەی (9)

تاقیكردنەوەی(z)جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەكراو و لادانی پێوەری ڕوندەكاتەوە بۆ ئاستی زیرەكی هەڵچونی

| گۆڕاو | ق.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەكراو | بەهای-z هەژماركراو | ئاستی ئاماژەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەكی هەڵچونی | 400 | 127.71 | 10.75 | 99 | 53.41 | بەڵگەدارە |

لەخشتەی ژمارە(9)دەركەوت كە ناوەندی ژمێرەیی یەكەكانی نمونەی توێژینەوەكە بریتییەلە(127.71) بەبەراورد كردن بەناوەندی گریمانەكراو كە(99)یە، بۆمان دەردەكەوێت كە جیاوازییەكە(53.41) ئامارییە بەڵگەدارە لەبەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیی

(5) (ق.ە.ش.م.ە.ر؛ ق.ۆ.ن.د.ە.ر.ە.ی) دەكەمە ناودەمت!

نمونە. واتە ئاستی زیرەکی هەڵچونی لای قوتابیانی پۆلی یازدە زۆربەرزە.

دەکرێت بەرزی ئاستی زیرەکی هەڵچونی بۆ تاڕادەیەك جێگیری تەمەنی هەرزەکاری لەوتەمەنەو تێگەیشتن لە هەڵچونەکان لەلایەك و سروشتی کۆمەڵگەی قوتابخانە بگەڕێتەوە لەئێستادا تاڕادەیەك دەرفەتی باشی ڕەخساندووە بۆ کارلێکی ئەرێنی و هاوسۆزی نێوان مامۆستاوقوتابی لەلایەك؛ ڕای گشتی بۆ پرۆسەی پەروەردەیی لەلایەکیترەوە وایکردووە کە زیاتر گرنگی بەناوەندەکانی خوێندن بدرێت بەهۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی کەلەژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگەو دەرفەتی کاردا هەیەتی. وێڕای ئەوەی خێزانی کوردی لەئێستادا هەوڵ و ماندوبونی زۆر بەخەرج دەدات بۆئەوەی منداڵەکانیان سەرکەوتوبن لەقوتابخانەو ژیان.

ئەگەرچی لەکاتی سەردانیکردنمان بۆقوتابخانەکان و بینینی چەند چینێك لە قوتابیان لەهەندێك لەوقوتابخانانە بەم شێوەیە هەستی خۆیان دەردەبڕی: پۆلێك لەقوتابیان دەیانوت: "بەڕێوەبەرەکەمان زۆر جنێو دەدات(6) !"؛ "مامۆستا ئافرەتەکان لەکاتی کۆنترۆڵنەکردنی پۆلدا پەنا دەبەنە بەر هاوارکردن!" کچە قوتابییەکی پۆلی یازدە؛ "مامۆستامان هەیە موراعاتی قوتابییەکانی ناکات بەهیچ شێوەیەك"کچە قوتابییەکی پۆلی یازدە؛ هەندێك لەمامۆستاکان زۆر بەبێ خولقی دێن بۆپۆل" کوڕەقوتابییەکی پۆلی یازدە. ئەمەش دیاردەیەکە بەداخەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەست و هەڵچونی قوتابییەکان دەبێت بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم قوتابیان پێی کاریگەردەبن و دورنییە بێتەهۆی دابەزینی ئاستی زیرەکی هەڵچونی بەشێك لەوقوتابیانەی کەبەرکەوتەی ئەم جۆرە توندوتیژیەن.

ئەم ئەنجامەی سەرەوەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی:(محمد و منصور، 2015)، Mohzan, Hasan & Halil, ) 2012) ئاماژەیان بەوەداوە ئاستی زیرەکی هەڵچونی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکانیان زۆربەرزە. بەڵام ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئاستی زیرەکی هەڵچونی جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی: (Lawrence and Deepa, 2013) کەپێیان وایە زیرەکی هەڵچونی لای قوتابیانی ئامادەیی لەئاستی ناوەندایە.

بارون(Bar-On, 2006: 15) تیۆرڤانی زیرەکی هەڵچونی و خاوەنی پێوەری زیرەکی هەڵچونی، دەڵێت، چەند نمرەی وەڵامدەرەوە بەرزتربێت ئاستی ئەرێنی بەرزتردەبێت و پشبینی ئەدای کاریگەرتردەبێت و توانای پڕکردنەوەی داخوازییەکانی ژیان و ڕوبەڕوبونەوەی کۆسپەکانی ژیانی زیاتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە چەندە نمرەی کەمتربێت لەوەڵامدانەوەکان ئەوە ئاماژەیە بۆ نەتوانایی کارانەبون و ئەگەری بونی کێشەی هەڵچونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری لێدەکرێت

بارون(Bar-On, 2007: 2) ئەوە دەخاتەڕوو ئەوکەسانەی زیرەکن لەڕوی هەڵچونی و کۆمەڵایەتییەوە توانای تێگەیشتنی خودی و دەربڕینی خودیان هەیە؛ توانای تێگەیشتن لەوانیتریشیان هەیە؛ توانای ئەوەیان هەیە بەشێوەیەکی باش پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی بکەن؛ توانای ئەوەشیان هەیە بەسەرکەوتویانە لەگەڵ پێویستییەکانی ژیاندا مامەڵەبکەن. ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتن لە خاڵە لاوازو بەهێزەکان هەیە؛ توانای دەربڕینی هەڵچونەکان بەشێوەیەك ڕوخێنەرنەبێت و توانای درکی هەڵچونەکانی ئەوانی تری هەبێت؛ توانای بنیادنان و بەردەوامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت کە جێگای ڕەزامەندی هەردولابێت. بەم شێوەیە ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکەمان هاتەدی.

**2.5. ئامانجی دووەم/** دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوە سەرەکییەکەی توێژینەوەکە(کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی) لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە. بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجە، هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن(Person Correlation)مان بەکارهێنا، هەروەك لەخشتەی(10)خراوەتەڕوو.

خشتەی(10) پەیوەستی نێوان کارلێك و زیرەکی هەڵچونی ڕوندەکاتەوە:

| گۆڕاو | زیرەکی هەڵچونی | | | |
|---|---|---|---|---|
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | قەبارەی نمونە | هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن | ئاستی ئاماژەداری | بڕیار |
| | 400 | 0.245** | 0.000 | ئاماژەدارە |

لەخشتەی(10)دەردەکەوێت کە بەهای پەیوەست لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی بریتییەلە(**0.245)؛ ئەم پەیوەستەش پەیوەستێکی ڕاستەوانەیە بەئاستی ئاماژەداری(0.000) لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی بەجۆرێك

[6] ناوی ئازاد و ئاباومان دەهێنێت!

چەندە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرزبێت زیرەکی هەڵچونی بەرزتردەبێتەوە.

دەکرێت ئەم ئەنجامەی سەرەوەش والێکبدرێتەوە مامۆستایان بەجۆرێك مامەڵە دەکەن جێگەی ڕەزامەندی زۆرینەی قوتابییەکانبێت؛ لەلایەکیترەوە ئەوکەسانەی نمرەی بەرزیان هێناوە لەکارلێکی کۆمەڵایەتی لەڕوی زیرەکی هەڵچونیشەوە بەتوانا و زیرەکن و توانای دەستپێشخەری و هاوکاری و لێبوردەیی و خودڕێزگرتن و باوەڕ بەخۆبونیان هەیە، ئەم توانایانەش بەکاردەهێنن لەکاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا و دەتوانن سەرکەوتوبن. هەروەها بەپێی توێژینەوەکان نمرەی بەرزتریان بەدەستهێناوە لە زیرەکی هەڵچونی، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت هەرکەسێك بتوانێت کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی بنیادابنێت خاوەن توانایەکی بەرزیشە لە کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچونیش وای لێدەکات زیاتر کراوەو کۆمەڵایەتی بێت و خاوەن باوەڕ بەخۆبونێکی بەرزبێت، لەلایەکیتریشەوە زیرەکی هەڵچونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی دەست لەملانن و هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتر دەبێت. ئەم ئەنجامەش هاوتەریبی توێژینەوەکانی(رزق الله، 2008) و (فلقت، 2018).

لەهەمانکاتدا لۆپ و هاوڕێکانی(Lopes et al., 2004: 1018)بەوردی ئاماژەیان بەئەنجامی دوو توێژینەوە کردووە لەسەر پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەستێکی بەهێز لەنێوانیانداهەیە، بەجۆرێك تاك چەندە زیرەکی هەڵچونی بەرزبێت ئەوەندە چۆنایەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی باشتردەبێت.

لەلایەکیترەوە بارون تیۆرڤانی زیرەکی هەڵچونی (Bar-On, 2006) لەزۆربەی توێژینەوەکانیدا ئاماژەی بەوەداوە کە زیرەکی هەڵچونی پەیوەستێکی بەهێزی بەکارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە لەمۆدێلەکەی خۆی بەجۆرێك زیرەکی هەڵچونی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر سروشتی کارلێکی نێوان تاکەکان. توێژینەوەی(Macula, 2017) بەهەمان ئەنجام گەیشتووە بە ئاستێکی لاواز. بەم شێوەیە ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە هاتەدی.

**6- ڕاسپاردەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە:**

1-لەبەرئەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی زیرەکی هەڵچونی، پێویستە خولی بەردەوام هەبێت بۆمامۆستایان بۆئەوەی بتوانن لە پێویستییەکانی قۆناغەجیاوازەکانی هەرزەکاران بەباشی تێبگەن و دوربکەونەوە لەبەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی و وشەی نەشیاو، لەهەمانکاتدا کارلێکی ئەرێنی بنیادبنێن تاکوبتوانن ژینگەیەکی ئەرێنی لەقوتابخانە دروست بێت کە تواناو لێهاتویی و کارامەییە کۆمەڵایەتی و هەڵچونی و مەعریفی و دەروونییەکانی قوتابی پەرەپێبدات.

2-لەبەرئەوەی زیرەکی هەڵچونی ڕۆڵی گەورەی هەیەلەسەر سەرکەوتنی تاك لەژیان و کاردا، پێویستە وەزارەتی پەروەردە خولی پێویست بکاتەوە بۆ مامۆستایان بۆئاشنابون و تێگەیشتن لە زیرەکی هەڵچونی و پێکهاتەکانی، چۆنێتی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەتوانا لەزیرەکی هەڵچونی و بەستنەوەی بە پێکهاتەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنییەوە.

3-پێویستە وەزارەتی پەروەردە مامۆستایان و ستافی قوتابخانەکان ئاشنا بکات بە تایبەتمەندییە هەڵچونی و کۆمەڵایەتی و فسیۆلۆجییەکانی تەمەنی قۆناغەکانی خوێندنی قوتابیان، بۆئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی تەندروست ڕەفتارو گوفتاری کۆمەڵایەتی و دەرونیان لەگەڵدا بکەن و ڕادەیەکی باش لە ژینگەی ئەرێنی و و ئاسایشی ناوخۆییان بۆدابینبکەن، ئەمەش لەڕێگەی کردنەوەی خولی چڕوپڕی تایبەت بەوبوارانە لەلایەن پسپۆڕانی تایبەت بەبوارەکەوە دوربێت لەڕۆتینیات.

4- گرنگیدان بەوانەکانی هونەر و وەرزش و کاراکردنیان، نەکردنیان بەقوربانی وانەکانی زیندەزانی و فیزیا و کیمیا و بیرکاری! هاوتەریب گرنگیدان بەچالاکییە دەرەکییەکان، کەلەڕێگەیەوە ژینگەی قوتابخانە خۆشدەکات و وادەکات قوتابی پەوەردەیەکی دروست و ڕەسەن وەربگرێت و دوربکەوێتەوە لەلادان و خۆشەویستی بۆقوتابخانە هەبێت وابەستەبێت پێیەوە.

**7- توێژینەوە پێشنیازکراوەکان:**

پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی خێزانی و زیرەکی هەڵچونی.

پەیوەندیی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لەقۆناغی بنەڕەتی.

**7- سەرچاوەکان:**

- إقروفة، صفية(2018) الذكاء الانفعالي والصحة النفسية وعلاقتهما ببعض المتغيرات، دراسة على عينة من تلاميذ مرحلة التعليم الثانوي. مجلة العلوم النفسية والتربوية، 6(2)، صص: 224-247.

- البركات، صالح سلامه و ياسين، عمر صالح (2010) العلاقة بين التفاعل الاجتماعي ومستوى الطموح لدى طلبة المرحلة الثانوية في محافظة اربد. Journal of environmental studies, (3) p:109-120.

- بن العربي، يحي (2013) ممارسة الألعاب الجماعية ودورها على التفاعل الإجتماعي عند لاعبي البطولة الولائية لولاية الجلفة(أطروحة الدكتوراه غير منشورة) جامعة الجزائر، معهد التربية البدنية والرياضية.
- ديلانى، تيم (1395) تيۆرييە كلاسيكەكانى كۆمەڵناسى. و: خاليد شێخى، پەخشانگاى بيريار: سەقز.
- الربيعي، محمد مقداد (2016) قيادة التمكين لتدريس التربية الكشفية وعلاقتها بالتفاعل الاجتماعي، دار معتز للنشر والتوزيع: عمان.
- رزق الله، رندا(2008) العلاقة بين مهارة الذكاء العاطفي والتفاعل الاجتماعي، مجلة جامعة دمشق,، 24(1)
- فلقت، الشيخ (2018) الذكاء الوجداني وعلاقته بالتواصل التربوي لدى تلاميذ المرحلة الثانوية: دراسة ميدانية بثانويات مدينة ورقلة(رسالة ماجستير) جامعة-قاصدي مرباح-ورقلة.
- قادري، حليمة(2012) التفاعل الصفي بين الاستاذ والتلميذ في المرحلة الثانوية، دراسات نفسية وتربوية مخبر تطوير الممارسات النفسية والتربوية عدد(8).
- محاميد، شاكر (2003) علم النفس الاجتماعي، المدى: عمان.
- منوخ، صباح مرشود و علي، نظير سلمان(2011) الذكاء العاطفي وعلاقته بنمط الشخصية لدى طلبة المحلة الاعدادية. مجلة جامعة تكريت للعلوم، 18 (8)، صص: 347-409.
- وحيد، احمد عبداللطيف(2001) علم النفس الاجتماعي، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
- Bar-On, R. (2005) The Bar-On model of emotional-social intelligence. In P. Fernández-Berrocal and N. Extremera (Guest Editors), Special Issue on Emotional Intelligence: Psicothema, 17.
- Bar-On, R. (2007) How important is it to educate people to be emotionally intelligent, and can it be done? (in) Bar-On, R., Maree, J. G., and Elias, M. J. (2007). Educating people to be emotionally intelligent. Praeger Publishers.
- Bar-On, Reuven (2006) The Bar-On model of emotional-social intelligence. Psicothema, (18) pp:13-25.
- Bales, R. F (1951). Interaction process analysis: A method for the study of small group. Addison-Wesley Press, INC: Cambrisge.
- Goleman, D. (1998) Working with emotional intelligence, Bantam Dell, New York.
- Lawrence, A. S. A. & Deepa, T. (2013) Emotional intelligence and academic achievement of high school students in kanyakumari district. ILPSS, (3): 2
- Lopes PN, Brackett MA, Nezlek JB, Schütz A, Sellin I, Salovey P.) 2004( Emotional intelligence and social interaction. Pers Soc Psychol Bull. Aug;30(8):1018-34. doi: 10.1177/0146167204264762. PMID: 15257786.
- Macula, A. M.(2017) Emotional intelligence, it is relation with social interaction and perceived social support. European journal of spcial sciences education and research, 4(4), Pp:57-63.
- Mead, G. H. (1972) Mind, self, and society. 18th Published. 1st Published 1934. The University of Chicago Press: Chicago and London.
- Mohzan, M., A. M., Hasan, N. & Halil, N., A. (2012) The influence of emptional intelligence on academic achievement. International conference on University learning and teaching. Published by: Elsevier Ltd .
- Poulou, M. S.(2016) An examination of the relationship among teachers' perceptions of social-emotional learning, teaching efficacy, teacher-student interactions, and students' behavioral difficulties. International journal of school and educational psychology, Routledge Taylor and Francis Group. http://dx.doi.org/10.1080/21683603.2016.1203851
- Sekaran, U. (2003) Research methods for business (4th Ed) New york: John Wiley and Sons, Inc .
- Sulayman, S. S. and Ahmed, O. H. (2021). The reasons for school dropout and their relationship to some variables, Qalaai Zanst Journal, 6,(1), pp: 327-359.
- Turner, J. H. (1986) The mechanics of social interaction: Toward a composite model of signaling and interpreting. Sociological theory, 4,(1), pp: 95-105.
- Turner, J. H. (1988) A theory of Social interaction. Stanford University press: California.

پاشکۆی (1)ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەری ڕاستگۆیی پێوەرەکان:

| ژ | ناو | نازناوی زانستی | پسپۆر | بڕوانامە | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عمر ابراهيم عزيز | پرۆفیسۆر | توانستەکان | دکتۆرا | کۆلێژی ئاداب-دەروونزانی |
| 2 | عبدالحمید علي سعید برزنجي | پرۆفیسۆر | گۆڕانی کۆمەڵایەتی | دکتۆرا | کۆلێژی ئاداب-کۆمەڵناسی |
| 3 | مؤيد اسماعيل جرجيس | پرۆفیسۆر | تەندروستی دەرونی | دکتۆرا | کۆلێژی پەروەردە-ڕێنمایی |
| 4 | سەليم بطرس الياس | پرۆفیسۆر | کۆمەڵگەی مەدەنی | دکتۆرا | خانەنشین |
| 5 | محمد محی الدين صادق | پ.ی | پێوان و هەڵسەنگاندن | دکتۆرا | کۆلێژی پەروەردە-ڕێنمایی |
| 6 | جوان اسماعيل بكر | پ.ی | دەرونزانی کۆمەڵایەتی | دکتۆرا | کۆلێژی ئاداب-کۆمەڵناسی |
| 7 | لقمان صالح كريم | پ.ی | زانستە ژینگەییەکان | دکتۆرا | ز.سلێمانی-زانستە مرۆڤایەتییەکان-کاری کۆمەڵایەتی |

پاشکۆی(2) ناوپسپۆڕانی وردی وەرگێران

| ژ | ناو | نازناوی زانستی | پسپۆر | بڕوانامە | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عمر ابراهيم عزيز | پ | توانستەکان | دکتۆرا | ك-ئاداب-دەرونزانی |
| 2 | زياد عبدالله عبدالصمد | پ.ی | زمانی عەرەبی-واتاسازی | دکتۆرا | ك-پەروەردە-عەرەبی |
| 3 | ادريس عبدالله | پ | ئەدەبی کوردی-ڕەوانبێژی | دکتۆرا | ك.ئاداب-کوردی |

پاشکۆی(3) پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
کۆلێژی ئاداب-بەشی کۆمەڵناسی
خوێندنی باڵا-دکتۆرا
ساڵی خوێندنی 2021-2022

فێرخوازی ئازیز!

ئەم پێوەرە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی(کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستاو قوتابی و پەیوەندی بەزیرەکی هەڵچونی و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە) لەقوتابخانە ئامادەییەکانی ناوەندی شاری هەولێر.

وەڵامدانەوەت بەشێوەیەکی ڕاستو دروست، یارمەتیمان دەدات ئەوکێشەو کۆسپانە دەستنیشان بکەین کەدێنە ڕێی فێرخوازان لەپرۆسەی پەروەردەییدا.

تێبینی:

1-پێویست بەناونوسین ناکات.

2-تکایە هیچ برگەیەك بەبێ وەڵام بەجێ مەهێڵە.

3-وەڵامدانەوەکەت تەنها بۆمەبەستی زانستی بەکاردەهێنرێت.

4-هیچ وەڵامێك ڕاست و هەڵەنیە، بەڵکو وەڵامی تۆیە بۆ هەربڕگەیەك. بە دانانی هێمای(✓)لە ئاستی یەکێك لەم جێگرەوانە: (هەرگیز، بەدەگمەن، هەندێك جار، زۆرجار، هەمیشە)

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینمان

| ژ | برگە | هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێك جار | زۆرجار | هەمیشە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مامۆستا کەدێتە ژورەوە سڵاومان لێ دەکات. | 1 | | | | 5 |
| 2 | زۆربەئاسانی پەیوەندی لەگەڵ مامۆستا دروست دەکەم. | 1 | | | | 5 |
| 3 | مامۆستا لەکاتی وانەوتنەوەدا تۆنی دەنگی جیاوازو گونجاو بەکاردەهێنێت. | 1 | | | | 5 |
| 4 | مامۆستا دەستەکانی بەکاردەهێنێت لەکاتی ئاخاوتنەکانیدا. | 1 | | | | 5 |
| 5 | مامۆستا ئاماژەی دەموچاو بەکاردەهێنێت لەکاتی پێشکەشکردنی وانەکەیدا. | 1 | | | | 5 |
| 6 | کاتێك وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە لەپۆلدا مامۆستا دەستخۆشیم لێناکات. | 5 | | | | 1 |
| 7 | لەکاتی قسەکردنمدا مامۆستا قسەمم پێدەبڕێت. | 5 | | | | 1 |
| 8 | لەکاتی بەشداریکردنم لەوانەدا مامۆستا ناوم دەهێنێت. | 1 | | | | 5 |
| 9 | پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستاکان لەسەر ڕێزو پێزانینە. | 1 | | | | 5 |
| 10 | کاتێك هاوڕێکانم ناوی مامۆستایەك دەهێنن، وێنەیەکی نەرێنی ئەو مامۆستایە لەزەینمدا دەردەکەوێت. | 5 | | | | 1 |
| 11 | لەکاتەکانی دواى دەوامدا وێنەیەکی ئەرێنی مامۆستا لەخەیاڵمدا دەمێنێتەوە. | 1 | | | | 5 |
| 12 | لەکاتەکانی دوای دەوامدا لەڕێگەی ئامرازەکانی میدیای کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیم لەگەل مامۆستاکان هەیە. | 1 | | | | 5 |
| 13 | پەیوەندییەکانم لەگەڵ مامۆستا پەیوەندی وشك و ڕوکەشین. | 5 | | | | 1 |
| 14 | مامۆستا لەوانەکەیدا دەرفەتی تەواو بۆهەموان دەڕەخسێنێت بۆبەشداریکردن بەبێ جیاوازی. | 1 | | | | 5 |
| 15 | مامۆستا زۆرهاوکارە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانم. | 1 | | | | 5 |
| 16 | پەیوەندی باشی نێوان من و مامۆستا یارمەتی دەرێکی باشە بۆئەوەی باشتر بخوێنم. | 1 | | | | 5 |
| 17 | مامۆستا کەشێکی ئەرێنی گونجاوم بۆدەڕەخسێنێت بۆئەوەی باشتر فێربم. | 1 | | | | 5 |
| 18 | مامۆستا ڕۆحی هاوکاری لەناخمدا دەچێنێت. | 1 | | | | 5 |
| 19 | مامۆستا هانم دەدات بۆبەشداریکردنم لە چالاکییەکانی | 1 | | | | 5 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | قوتابخانەدا. | | | | | |
| 20 | لەکاتی گفتوگۆکانم لەگەڵ مامۆستا هەمیشە قسەی بەسەر قسەمدا زاڵە. | 5 | | | | 1 |
| 21 | مامۆستا دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆدەربڕینی بۆچونەکانم. | 1 | | | | 5 |
| 22 | مامۆستا گرنگی زۆر بەبیرۆکەو بیروبۆچونەکانم دەدات. | 1 | | | | 5 |
| 23 | مامۆستا گرنگی بەبەشداری بەگروپ دەدات لەپۆلدا. | 1 | | | | 5 |
| 24 | لەکاتی بەشداریکردنم مامۆستا بەگرنگییەوە لێم دەڕوانێت. | 1 | | | | 5 |
| 25 | مامۆستا زۆر بەوردی گوێ بۆ وەڵامەکانم دەگرێت. | 1 | | | | 5 |
| 26 | مامۆستا وەك هاوڕێیەکی باش مامەڵەم لەگەڵ دەکات. | 1 | | | | 5 |
| 27 | مامۆستا زۆربەساردوسڕی مامەڵەم لەگەڵ دەکات. | 5 | | | | 1 |
| 28 | هەست بەبێزاری دەکەم کاتێك بەمامۆستا دەگەم. | 5 | | | | 1 |
| 29 | مامۆستا گرنگی دەدات بەچاندنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەناخمدا. | 1 | | | | 5 |
| 30 | کاتێك مامۆستا دێتەژورەوە بۆناوپۆل هەست بەئاسودەیی دەکەم. | 1 | | | | 5 |
| 31 | مامۆستا لەکاتی وانەکەیدا توڕەنابێت. | 1 | | | | 5 |
| 32 | لەکاتی کۆنترۆڵنەکردنی پۆلدا مامۆستا پەنادەباتە بەر هاوارکردن. | 5 | | | | 1 |
| 33 | مامۆستا زەردەخەنە دەکات لەهەڵوێستە ئەرێنییەکاندا. | 1 | | | | 5 |
| 34 | مامۆستاهەڵەکانم قەبوڵدەکات و کاردەکات بۆ ڕاستکردنەوەی. | 1 | | | | 5 |
| 35 | لەکاتی ئەنجامدانی هەرهەڵەیەك مامۆستا گاڵتەم پێدەکات. | 5 | | | | 1 |
| 36 | لەکاتی وانەکەدا مامۆستا میزاجی هاوسەنگو گونجاوە. | 1 | | | | 5 |
| 37 | لەکاتی بەشداریم لەگفتوگۆکانی نێوپۆل هەست بەدڵە ڕاوکێ دەکەم. | 5 | | | | 1 |

پاشکۆی(4) پێوەری زیرەکی هەڵچونی

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

کۆلێژی ئاداب-بەشی کۆمەڵناسی

خوێندنی باڵا-دکتۆرا

ساڵی خوێندنی 2022-2021

فێرخوازی ئازیز!

ئەم پێوەرە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی(کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستاو قوتابی و پەیوەندی بەزیرەکی هەڵچونی و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە) لەقوتابخانە ئامادەییەکانی ناوەندی شاری هەولێر.

وەڵامدانەوەت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، یارمەتیمان دەدات ئەوکێشەو کۆسپانە دەستنیشان بکەین کەدێنە ڕێی فێرخوازان لەپرۆسەی پەروەردەییدا.

تێبینی:

1-پێویست بەناونوسین ناکات.
2-تکایە هیچ برگەیەك بەبێ وەڵام بەجێ مەهێڵە.
3-وەڵامدانەوەکەت تەنها بۆمەبەستی زانستی بەکاردەهێنرێت.
4-هیچ وەڵامێك ڕاست و هەڵەنییە، بەڵکو وەڵامی تۆیە بۆ هەربڕگەیەك. بە دانانی هێمای(✓)لە ئاستی یەکێك لەم جێگرەوانە: (هەرگیز، بەدەگمەن، هەندێك جار، زۆرجار، هەمیشە)
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینمان

| ژ | برگە | هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێك جار | زۆرجار | هەمیشە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەتوانم بەڕاشکاوی گوزارشت لە هەست و سۆزم بکەم. | 1 | | | | 5 |
| 2 | بەئاسانی دەتوانم پەیوەندی هاوڕێیەتی دروستبکەم. | | | | | |
| 3 | بوێرانە دەتوانم هەست و سۆزەکانم لەگەڵ کەسانی تردا دەرببڕم. | | | | | |
| 4 | خێروخۆشی خە ڵکی جێگای بایەخە بۆم. | | | | | |
| 5 | ڕێزی خەڵکانی تردەگرم. | | | | | |
| 6 | بەئاسانی دەتوانم لەهەستی هاوڕێکانم تێبگەم. | | | | | |
| 7 | توانای ئەوەم هەیە لەهەستی هاوپۆلەکانم تێبگەم. | | | | | |
| 8 | حەزناکەم هۆکارێک بم بۆ ئازاردانی هەست و سۆزی خەڵکانیتر. | | | | | |
| 9 | دەمەوێ تێبکۆشم لەپێناو یارمەتیدانی خەڵکانیتر. | | | | | |
| 10 | سەرنجی خەڵکی بۆخۆم ڕادەکێشم. | | | | | |
| 11 | دەتوانم لە هەست و سۆزی خەڵکی تێبگەم. | | | | | |
| 12 | دەتوانم شتی نوێ قبوڵبکەم. | | | | | |
| 13 | حەزم بەپابەندبونە بەکاتەوە. | | | | | |
| 14 | پێم وایە ڕۆژگار هەڵەکانم بۆڕاست دەکاتەوە. | | | | | |
| 15 | ڕەفتارو ڕێگای جیاواز بەکاردەهێنم بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانم. | | | | | |
| 16 | ترسم نییە لە بارودۆخە ناڕەحەتەکان. | | | | | |
| 17 | هیوا خوازم هەست و سۆزی خەڵکی تر بریندارنەکەم. | | | | | |
| 18 | سەرکەوتوم لەچارەسەرکردنی گیروگرفتەکانم. | | | | | |
| 19 | پیش دۆزینەوەی ڕێگاچارە، هەولدەدەم بەباشی لە مەسەلەکان تێبگەم. | | | | | |
| 20 | بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە قورسەکان، توانایەکی زۆر باشم هەیە. | | | | | |
| 21 | حەزم لەپێکەنینە. | | | | | |
| 22 | ڕواڵەتی خۆمم خۆش دەوێت بە جەستەشمەوە. | | | | | |
| 23 | لەکەسایەتی خۆم ڕازیم. | | | | | |
| 24 | زۆر متمانەم بەخۆم هەیە. | | | | | |
| 25 | دەزانم چۆن چێژ لەکاتەکانم ببینم. | | | | | |
| 26 | لەبارودۆخە تورە ئامێزەکاندا دەتوانم بەئارامی بمێنمەوە. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 27 | هەستدەكەم ئارەزوی بەختەوەری دەكەم. | | | | | |
| 28 | چێژ لەگاڵتەو گەپ دەبینم. | | | | | |
| 29 | پێم وایە كارەكانم جێگای ڕەزامەندی خەڵكییە. | | | | | |
| 30 | بەكاتە ناخۆش و نارەحەتەكانی ژیانمدا گوزەرناكەم. | | | | | |
| 31 | بەروارد بەخەڵكانیتر، پێموایە من لەژیانمدا گەیشتومەتە باشترین. | | | | | |
| 32 | بەشێوەیەكی ئەرێنی لە هەست و سۆزەكانی خەڵكی دەڕوانم. | | | | | |
| 33 | بەهەموو شتێك بێزارنابم. | | | | | |

1-پێویست بەناونوسین ناكات.

2-تكایە هیچ بڕگەیەك بەبێ وەڵام بەجێ مەهێڵە.

3-وەڵامدانەوەكەت تەنها بۆمەبەستی زانستی بەكاردەهێنرێت.

4-هیچ وەڵامێك ڕاست و هەڵەنییە، بەڵكو وەڵامی تۆیە بۆ هەربڕگەیەك. بە دانانی هێمای(✓)لە ئاستی یەكێك لەم جێگرەوانە: (هەرگیز، بەدەگمەن، هەندێك جار، زۆرجار، هەمیشە)

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینمان

**التفاعل الاجتماعي بين التدريسيون والطلبة وعلاقته بالذكاء الأنفعالي**

**(دراسة ميدانية في ثانويات مدينة اربيل)**

**عمر حمه احمد**
قسم علم الاجتماع، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-اربيل
omar.ahmed@su.edu.krd

**صباح احمد محمد نجار**
قسم علم الاجتماع، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-اربيل
sabah.najar1@su.edu.krd

**ملخص**

الهدف من هذا البحث هو التعرف على العلاقة الارتباطية بين التفاعل الاجتماعي و الذكاء الانفعالي، ومعرفة مستوى كل من التفاعل الاجتماعي والذكاء الانفعالي لدى وحدات البحث، حيث تم الأعتماد على المنهج الوصفي التحليلي وطريقة المسح الاجتماعي بالعينة، ولتحقيق اهداف البحث وقياس متغيراته، تم الأعتماد على مقياس(التفاعل الاجتماعي) بطريقة الباحثين والمكون من(37)فقرة، كذلك تم الأعتماد على مقياس الذكاء الانفعالي(منوخ وعلي،2011 ) المكون من(33) فقرة. وللوصول الى نتائج هذا البحث اعتمدنا على الحقيبة الاحصائية للعلوم الاجتماعية(SPSS)، فأظهرت النتائج وجود علاقة طردية موجبة بين التفاعل الاجتماعي والذكاء الانفعالي؛ ووجود مستوى عالي من التفاعل الاجتماعي بين التدريسيون والطلبة، كذلك وجود مستوى عالي من الذكاء الانفعالي لدى وحدات البحث. وعلى اساس هذه النتائج تم الوصول إلى مجموعة من التوصيات والمقترحات.

**الكلمات المفتاحية**:التفاعل الاجتماعي، الذكاء الانفعالي، المرحلة الثانوية،

**Social Interaction Between Teachers and Students It is Relation to Emotional Intelligence**

**(A Field Study In High Schools In The City Of Erbil)**

**Omar Hama Ahmed**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
omar.ahmed@su.edu.krd

**Sabah Ahmed Muhammad**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
sabah.najar1@su.edu.krd

**Abstract**

The purpose of the present study is to determine the relationship between social interaction and emotional intelligence while also knowing the level of both social interaction and emotional intelligence of the research sample. The descriptive analytic approach and the social survey method were utilized in the research. To assess the level of emotional intelligence and social interaction in the research sample, a scale (Social Interaction) was prepared by the researchers, containing 37 items, and the emotional intelligence scale (Manoukh & Ali, 2011), with 33 items; both were used to meet the research's objectives and measure variables. We used the statistical package for social sciences (SPSS) to analyze the data. The study found a direct positive link between social interaction and emotional intelligence, as well as a high level of both social interaction and emotional intelligence in the research sample. These findings led to the development of a collection of suggestions and recommendations.

**Keywords**: Social interaction, Emotional intelligence, High school.